**Private & Confidential**

Date

Name
Address 1
Address 2
Postcode

بەڕێز <<patient name>>

ئەمڕۆ پزیشکەکەت بەپەلە ڕەوانەی نەخۆشخانەی کردوویت بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ نیشانەکانت بکرێت. چونکە ئەمە بەپەلەیە، پێویستە لە ماوەی دوو هەفتەدا بەرواری چاوپێکەوتنێك لە نەخۆشخانە وەربگریت. ئەمە لەوانەیە بۆ چاوپێکەوتنی کلینیکی بێت بۆ بینینی پزیشکی پسپۆڕ یان بۆ پشکنینی دەستنیشانکردن، بۆ نموونە. تاقیکردنەوەی بە کامێرا.

نیشانەکانت لەوانەیە بەهۆی چەندین حاڵەتی باوەوە بێت، بەڵام دەمانەوێت دڵنیا بین لەوەی کە هیچ حاڵەتێکی مەترسیدار نیە، لەوانەش شێرپەنجە.

زۆربەی ئەو کەسانەی بەم شێوەیە ڕەوانە دەکرێن (زیاتر لە 9 لە 10 کەس) نەخۆشی شێرپەنجە دەرناکەوێت. بەڵام گرنگە زوو پشکنین بکرێت بۆ ئەوەی ئەگەر هەر حاڵەتێک پێویستی بە چارەسەرکردن هەبێت، بتوانرێت بە زووترین کات دەست بە چارەسەرکردن بکرێت.

لە چەند ڕۆژی داهاتوودا لە نەخۆشخانە پەیوەندیت پێدەکرێت بە تەلەفۆن یان نامە بۆ ڕێکخستنی چاوپێکەوتن. پەیوەندی بە سکرتێری پزیشکی گشتی بکە بە ژمارەی تەلەفونی لەم نامەیە ئەگەر لە ماوەی 10 ڕۆژدا هیچت لە نەخۆشخانەوە نەبیست بۆ ئەوەی بزانیت ڕەوانەکردنەکە کراوە یان نا.

زۆر گرنگە کە تۆ هەموو هەوڵێک بدەیت بۆ ئامادەبوون لەو چاوپێکەوتنەی کە پێت دەدرێت.

لەوانەیە پێویستت بە هەندێک پشکنین بێت لە نەخۆشخانە کە دەتوانێت یارمەتی پزیشکی پسپۆڕ بدات لەوە تێبگات کە ڕەنگە هۆکاری نیشانەکانت چی بێت. ئەم تاقیکردنەوانە دەتوانن بریتی بن لە:

- پشکنینی خوێن
- تیشکی ئێکس (ئەشیعە)
- سکان (وێناکردنی زرنگەی موگناتیسی MRI/تۆمۆگرافیای کۆمپیوتەری CT)
- تاقیکردنەوەکانی بە کامێرا

پێشوەختە پێت دەگوترێت ئەگەر پێویستت بە پشکنینی سکان یان کامێرا هەیە، بۆیە تکایە هەر ڕێنماییەک کە پێت دەدرێت جێبەجێ بکە. لەوانەیە لە هەمان ڕۆژدا ئەنجامەکانت پێ بدرێت. پزیشکی پسپۆڕ دەتوانێت زانیاری زیاترت پێبدات و ئامۆژگاریت بکات کە هەنگاوەکانی داهاتوو چین.

لەوانەیە بتەوێت هاوڕێیەک یان ئەندامێکی خێزانەکەت لەگەڵ خۆت بهێنیت بۆ چاوپێکەوتنەکە. ئەمە ڕەنگە یارمەتیدەر بێت ئەگەر هەر پرسیارێکت هەبێت سەبارەت بەو بابەتانەی کە تیمی پزیشکی لەگەڵتدا باسی دەکەن. ئەگەر هەر نیگەرانییەک یان پرسیارێکت هەیە سەبارەت بە هۆکاری ڕەوانەکردنەکەت، تکایە پەیوەندی بە پزیشکی گشتیەوە (GP) بکە.

ئەگەر دەتەوێت زانیاری زیاتر بەدەست بهێنیت دەربارەی ڕەوانەکردنی بەپەلە، تکایە سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە:
http://www.cancerresearchuk.org/cancer-symptoms/what-is-an-urgent-referral

لەکاتی چاوەڕوانی چاوپێکەوتنەکەدا، باشترە هەوڵبدەیت بەردەوام بیت لە چالاکییە ئاساییەکانت/وەرزشکردنەکەت. ئەگەر چارەسەری زیاتر پێویست بێت، بەشێکی گرنگی چارەسەرەکەت بریتی دەبێت لە باشترکردنی تەندروستیت – وەک وازهێنان لە جگەرەکێشان و باشترکردنی ئاستی چالاکییەکانت.

**<< GP>>**
**Surgery contact details**